# ئاماری کردەوە تیرۆریستییەکانی جولەکە لە مێژووی نوێدا

و: هیوا دەروێش

## بەشی پێنجەم

### قەتڵ و عامی فەلەستینییەکان:

لەم راپۆرتەدا (44) لیستی دڕندانەترین قەتڵ و عامەکانی ئیسرائیلی دژی میللەتی فەلەستین هاتووە، کە ئامانجی گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتووانەکەی بووە:

قەتڵ و عامی (بلدە الشیخ) (1947/12/31).

- گروپی تیرۆریستیی (هاگانا) هێرشیان کردە سەر گوندی (بلدە الشیخ) کە ئێستا بە (تل غنان) ناسراوە و بووە هۆی کوژرانی (60)کەس، کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون.

**قەتڵ و عامی (دیریاسین) (1948/4/10).**

گروپی تیرۆریستیی (ئوشترن)، (ئیرگون) و (هاگانا) هێرشیان کردە سەر گوندی (دیر یاسین) لە رۆژئاوای قودس لە کاتژمێر (2)ی نیوەشەودا، تیرۆریستەکان هەموو کەسێکیان دەکوشت و پاشان ماڵەکانیشیان تەقاندەوە، لە ئەنجامدا (360) کەسیان تیرۆر کرد کە زۆربەیان پیر و ژن و منداڵان بوون. لەسەر وێرانەی ئەم گوندە شارۆچکەی (گفعات شائول) دروست کرا.

قەتڵ و عامی گوندی (ابو شوشە) (1948/5/14).

لە گوندی (ابوشوشە) نزیك (دیر یاسین) (50) ژن و پیاوی پیر و لاو تیرۆر کران.

قەتڵ و عامی (گنگورە) (1948/8/22).

شەوی (22 و 23)ی مایسی (1948) ئیسرائیلییەکان هێرشیان کردە سەر ئەم گوندە و (90) کەسیا تیرۆر کرد، کە هەموویانیان لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا ناشت.

**قەتڵ و عامی (قبیە) (1953/10/14):**

سوپای ئیسرائیلی گوندی (قبیە)یان گەمارۆ دا و ژمارەی هاووڵاتیان لەو کاتەدا (200) کەس بوو، لە کاتێکدا ژمارەی سەربازە هێرشکەرەکان (600) بوو، سەرەتا گوندەکەیان تۆپباران کرد و پاشان هێرشیان کرد و لە ئەنجامدا (56) خانوو و مزگەوت و قوتابخانە خاپور کران، هەروەها (67) کەسیش شەهید کران و نزیکەی سەدەها کەسیش بریندار بوون. فەرماندەی ئەم کردە تیرۆریستییە (ئارێل شارۆن) بوو.

**قەتڵ و عامی قلقیلیە (1956/10/10):**

سوپای ئیسرائیل و گروپێکی سەهیۆنی هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی (قلقیلیە)، لەم هێرشەدا بە تەواوی قلقیلیە وێران کرا و لە ئەنجامدا (70) کەس شەهید بوو.

**قەتڵ و عامی (کفر قاسم) لە (1956/10/29):**

لەم قەتڵ و عامەدا (49) هاووڵاتیی مەدەنی ژن و پیاو تیرۆر کران.

**قەتڵ و عامی خان یونس (1956/11/3):**

لەم رۆژەدا سوپای ئیسرائیلی هێرشی کردە سەر ئۆردوگای (خانیونس)ی باشوری شاری (غزە) زیاتر لە (250) فەلەستینییان تیرۆر کرد، تەنیا (9) رۆژ پاش ئەم قەسابخانەیە رۆژی (1956/11/12) لە هەمان ئۆردوگا قەسابخانەیەکی دیکەیان دانا و (275)یان شەهید کرد. هەروەها لە هەمان رۆژدا (100 ) فەلەستینیی دیکەشیان لە ئۆردوگای (رفح) تیرۆر کرد.

**قەتڵ و عامی (مسجدالاقصی) (1990/10/8):**

لە رۆژی دووشەممە (1990/10/8) پێش نوێژی نیوەڕۆ چەند کەسێکی توندڕەوی یەهودی دەیانویست بچنە ژوورەوە و پاشان سەربازانی ئیسرائیلی چوونە (مسجدالاقصی) و نوێژکەرانیان دایە بەر دەستڕێژ و بووە هۆی شەهیدبوونی (21) نەفەر و برینداربوونی (150) کەس، هەروەها (270) کەسیش دەستگیر کران.

**قەتڵ و عامی (حرم ابراهیمی) (1994/2/25):**

(باروخ گلدشتاین) و گروپێ لە ئیسرائیلی شارۆچکەی (کریات اربع) لە کاتی نوێژی بەیانیدا چوونە (مسجدالاقصی) و (گلدشتاین) لە پشتی یەکێ لە پایەکانەوە وەستا تا نوێژکەران چوونە سوجدە، ئەو کاتە دەستڕێژی لێ کردن و بووە هۆی برینداربوونی (350) کەس، لە ئەنجامی ئەم تەقەکردنە و تەقەکردنی هێزەکانی سوپای ئیسرائیلی لە دەرەوە و رێگریی خەڵکی لە رزگارکردنی بریندارەکان، (50) کەس شەهید بوون کە (29)یان لە نوێژکەران بوون.

**قەتڵ و عامی ئۆردوگای جنین (2002/3/29 ـ 2002/4/9):**

سوپای داگیرکەری ئیسرائیل لە (29)ی مارسی (2002) هێرشێکی فراوانی کردە سەر ناوچە فەلەستینی نشینەکان و لە ئۆردوگای جنین (200) کەس تیرۆر کران، کە ئێستاش ژمارەی شەهیدانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دیار نییە.

٭ بۆمبارانی نەخۆشخانە و قوتابخانە و شوێنە مەدەنییەکان:

- بۆمبارانی نەخۆشخانەی (أوعستا ڤیکتوریا) لە شاری قودس.
- نەخۆشخانەی ئامبولانسی بریندارانی لوبنانی لە ساڵی (1996) و بووە هۆی کوژرانی هەموویان.
- **بۆمبارانی قوتابخانە:**

لە(2)ی نیسانی (1971) قوتابخانەی سەرەتایی (بحرالبقر) لە پارێزگای شەرقیەی میسر بۆمباران کرا و، قوتابخانەکە وێران کرا و چەندین قوتابی کوژران و سەدەهای تر بریندار بوون.

**بۆمبارانی کارخانە مەدەنییەکان:**

- لە(12)ی شوباتی (1970) کارخانەنەکانی (أبی زعیل) لە ڕۆژئاوای قاهرە موشەکباران کرا و هەروەها لە ساڵی (1998) کارخانەکانی دەوروبەری شاری (خەرتوم).

-

- **بۆمبارانی شوێنە مەدەنییەکان:**

لە لوبنان لە ساڵی (1986) خەڵکی گوندەکانی باشور لە ناوچەی قانا کەوتنە بەر هێرشی فڕۆکە ئیسرائیلییەکان و لە ئەنجامدا (111) کەس شەهید کران، کە زۆربەیان ژن و منداڵ و پیر بوون.

★ **ڕفاندن و بارمتەگرتنی هاووڵاتیان:**

ڕفاندنی فەرماندە و زانا نازییە ئەڵمانییەکان:

لە (10)ی مایسی (1960) (ئەدولف ئایشمن) ئەفسەری نازی ئەڵمانی لە ئەرژەنتین ڕفێنرا و هێنرا بۆ فەلەستین و، پاش دادگاییکردنی لە سێدارە درا و جەستەکەی سوتێنرا

- ڕفاندنی (لودفنج زند) ـ یەکێ لە فەرمانده‌کانی حیزبی نازی ـ لە شاری ناپۆلیی ئیتالیا و هێنانی بۆ فەلەستین.

- ڕفاندنی (هیتز کروج) زانای ئەڵمانی لە (11)ی ئەیلوولی (1962) لە ئەڵمانیا.

- هەوڵی ڕفاندنی کوڕی (پول جروکی) زانای ئەڵمانی ساڵی (1963) لە سنوری ئەڵمان و سویسرا کە سەرکوتوو نەبوو.

- ڕفاندنی دکتۆر (ژۆزێف منجل).

- ڕفاندنی (شێخ عەبدولکەریم عوبێد) لە ساڵی (1989) لە لوبنان.

- ڕفاندنی (مستەفا دیرانی) لە (1372/2/31).

**بارمتەگرتن:**

بارمتەگرتنی منداڵانی ئەردەنی لە کاتی شەڕی (1967) بە مەبەستی فشار بۆ سەر ئەردەنییەکان بۆ ئازادکردنی دیلی ئیسرائیلی.

- بارمتەگرتنی خێزانێکی جوتیاری میسری پاش شەڕی (1967) و سوتاندنی ماڵ و کێڵگەکەیان